مەسرور بارزانی پیرۆزبایی ساڵیادی دامەزراندنی بزووتنەوەی گۆڕانی کرد



مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هاوبەشی هەرێمی پیرۆزبایی ساڵڕۆژی دامەزراندنی بزووتنەوەی گۆڕانی کرد و وتی: "پیرۆزبایی ساڵیادی دامەزراندنی بزووتنەوەی گۆڕان دەکەم و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم لە داکۆکیکردن لە مافەکانی خەڵکی کوردستان".

وتیشی، "ئومێدەوارم بزووتنەوەی گۆڕان و هەموو لایەنە کوردستانییەکان، هاوکار و هاوهەوڵبن لە بەرگریکردن لە مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان و قەوارەی هەرێمی کوردستان".